**بەڕێزان : خەونێکی گەورە بوو بۆ هەموو تاکێکی کوردی و هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز ، کە ئەمڕۆ سەدام حسێن و داروودەستەکەی لە بەرانبەر دادگا ڕاگیراون بە تۆمەتی ئەنفال و کیمیا بارانکردنی کورد .**
**چەند دانیشتنێک لەو دادگاییکردنە بەڕێوەچووە ، گەشبینی دوێنێی شەقامی کوردی بە ڕەهەندی دادگاییکردنەکە ڕوو لەکزییە . هەست دەکرێ هۆلی دادگا بۆتە یەکلایکردنەوەی کێشە سیاسییەکان نەک وەرگرتنی مافی قوربانی لە جەلاد ، ئەمانەو کۆمەلێ سەرنجی تر ئەمڕۆ بوونەتە باسو خواسێکی هەنووکەیی شەقامی کوردی ، بۆ یە ئێمەش وەک دەنگەکان بە پێویستمان زانی بەم چەند پرسیارەی لای خوارەوە لە دەرگایی کۆمەلێ لە ڕۆشنبیران و نووسەرانمان بدەین .**

**دەستەی بەڕێوەبردنی دەنگەکان**
September 06
www.dengekan.com

# تاوانی ئەنفال

## لە نێوان سەرسەختی ناحەزان و کەمترخەمی دۆستاندا

Ibrahim Melazade
Bmalazada@gmail.com

وەڵامی چەند پرسیارێکی ماڵپەڕی ڕەنگینی دەنگەکان سەبارەت بە پرسی کارەساتی ئەنفالەکان و دادگایی کردنی تاوانباران.

- **دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق تا چەند پێوەرو گونجاوە بۆ دادگایی کردنی تاوانباران و کۆ کوژی کورد.** بارودۆخی ئەمڕۆی عیراق ئەوەندە ئاڵۆز و تێکەڵە زۆر ئەستەمە بتوانرێ هێڵە ڕەش و سپییەکان لەیەکتر جیا بکرێنەوە. هەر لەیەکەم ڕۆژەوە ترس و دڵەڕاوکێم هەبو سەبارەت بە گونجانی ئەو دادگایە بۆ پرسی شاڵاوەکانی ئەنفال، هەڵبەت لەبەر چەند هۆیەکی سەرەکی، لەوانەش:

1- زەمەنی پێکهاتەی ئەو دادگایە و ئاڵوزی بارودۆخی عیراق. تا هەنوکەش گومانم هەیە لەوەی کە پێکهاتەی ئەو دادگایە نە سیاسەتێنرابێت و ئامانجی تری لە دواوە نەبن. چونکە ڕژێمی سەددام لە دوورگەیەکی بێ هاوار و بانگ نەبوو کەس ناوی نەبیستبێ و تێکەڵی لەگەڵ کەس نەبووبێ. ئەوەی لای هەموان ئاشکرایە کە

کۆمەڵێک زلهێزی نێو دەوڵەتی هاوکاری بە دزی و بە ئاشکرای ئەو دیکتاتۆرە بوون و دەستیان لە هەموو کاروکردەوەیەکی بچووک و گەورەی ئەو ڕژێمە بەدڕەوشتەدا هەبوو. بۆیە بە دووری نازانم کە چەند سنورێک دانرابن بۆ ئەوەی عەدالەت بە تەواوی پێوەرەکانیەوە بە ئامانجی خۆی نەگا، هەموو تاوانبارەکانیش بە سزای پێویستی خۆیان نەگەن. ئەمەش ئەگەر وابێ هەڵبەت کاریگەری نێگەتیفی لەسەر قەبارە و مەترسی تاوانەکان دەبێت.

2- دوای ڕوخان و هەڵوەشانەوەی حیزبی بەعس، ئەوانەی کە دەستیان بە خوێنی کوردستانی و عیراقیەکان بوو، خۆیان شاردەوە، یا چوونە بەرەی شەڕ و دەستیان کرد بە بەرهەڵستی کردنی واقیعی تازەی عیراق. بەڵام ئەوانەی کە بەعسی بوون، لە دەزگا مەدەنیەکاندا کاریان دەکرد کە بە دەیان هەزاریش دەژمێردرێن، هەموویان نەکرانە دەرەوە. بۆیە زۆر ئاساییە کە کۆمەڵێک لەو قازیانەش بەعسی بن و تا ئەو سات و کاتەش بە بیری شۆفینیەتی پانعەرەبیزم جۆش بدرێن. ئینجا ئەگەر تاوانبارانیان بە کردەوە تیرۆریستیەکانیان دژی واقیعی تازە بن، خۆ ئەوانی تر بە شێوازی تر دژی ئەو واقیعە دەبن و بێ سێودوو بەرگری لە گەورەی تاوانبارانیش دەکەن.

3- دەبوایە داواکاری گشتی کورد بوایە. چونکە ئەرکی داواکاری گشتی قسەکردنە لە جیاتی گەل، بەرگری کردنە لە مافەکانی گەل و بەرژەوەندی گشتی. بۆیە بە قەناعەتی من چۆن کوردێک بە هەموو هەست و نەستەکانی ناتوانێ لە جیاتی خەڵکی دوجەیل قسە بکات و لە هەست و نەستی ئەو خەڵکە تێبگات، بە هەمان شێوەش هیچ عەرەبێک ناتوانێ ئەو ڕۆڵە لە جیاتی کوردێک ببینێ. قسەم لەسەر دەستەی داواکاری گشتی ئێستا نیە، هەوڵیش دەدەن بە پێی توانایان موعاناتی قوربانیان بخەنە ڕوو، بەڵام ئەوە کافی نیە. ئەوان ناچارن مەزلومیەتی قوربانیان بخەنە ڕوو، بەڵام باوەڕ ناکەم بە لای ئەوانەوە پرسێک بێ کە گەلی کورد چونکە کورد بووە ڕووبەڕووی پاکتاوی ڕەگەزی بۆتەوە. چونکە بە لای ئەوانەوە سەددام دیکتاتۆر بووە هەموو گەلی عیراقی (کە ناشڵێن گەلانی عیراق) چەوساندۆتەوە. ئەوان بە چاوی عیراقی بوون تەماشای کورد دەکەن، گفتۆگۆیەکانی ناو دادگاش هێندەی پێ لەسەر عیراقی بوون دادەگرن، هێندە لەسەر شتێکی تر نا. بە مانایەکی تر، ناکرێ خوێنڕێژ و خوێنوەرگر بە خۆیان بن.

4- ئێستا دوای چەندین دانیشتنی دادگا هەموو کوردستانیەکان سەبارەت بە تاوانی ئەنفال لە دڵە ڕاوکیدان. ناساندنی تاوانی ئەنفال وەکو جینوساند یان پاکتاوی ڕەگەزی، بەرامبەر گێژەلوکەیەکی ڕاستەقینە دایە. کەسێک لەسەر زەوی گەورەیی

و مەترسی ئەو تاوانە نازانی وەکو کوردستانیەکان خۆیان. ئەمڕۆ کێشەکە کەوتۆتەوە دەست عەرەبەکان خۆیان و هەر ئەوانیش چارەنوسی ئەو تاوانە دیار دەکەن. بە کوردی دەسەڵاتدارانی کورد بەزیان بە پشیلە سپاردووە، وا پێدەچێ بە تەمای ئەوان پشتیان لێکردبێتەوە. تاوانباران و پارێزەرانیان لە سەردەمی دەسەڵاتی پێشمەرگەدا هەوڵ دەدەن پێشمەرگە بە خۆفرۆش و جەردە بدەنە قەڵەم. هێندە بابەتەکان پەیوەستە دەکەنەوە بە حاڵەتی شەڕی عیراق/ ئیران و بە هەڵگەڕانەوە (تمرد) لە دژی دەوڵەت، کە ئەلعامری زۆر بێشەرمانە وشەی (تمرد)ی خستە ناو مەحزەرەکان. ئەم شتانە هەمووی پیرۆزی ئێش و ئازاری قوربانیان لەکەدار دەکات، لە میسداقیەتی پێشمەرگە بەرامبەر دونیا کەم دەکاتەوە. ئەم هەوڵانەی ئەوان ئەگەر بۆیان بچێتە سەر ئەوا بە قەد ئەنفالێکی تری خەڵکی کوردستان هەیە.

- **پرۆسەی دادگاییەکە چۆن دەگوزەرێ و تا چەند تەبایە لەگەڵ خواستی جەماوەری کوردستان و سکاڵای زیان لێکەوتووان.**

هەڵبەت هەژاری ئەو دادگایە بۆ ئەو پێوەرانەی کە لەسەرەوە باس کران، وای کرد کە هەر لەسەرەتاوە مورافەعەکان وەکو پێویست نەبن و لە ناوەرۆکەکانیان خاڵی بکرێنەوە.

1- موجامەلەی عەبدوڵلا ئەلعامری لەگەڵ تاوانباران بۆ دۆست و ناحەزان ئاشکرایە. ئەو هەر زوو سیفەتی دیکتاتۆری لەسەر سەددام لابرد و تاوانی بە دیکتاتۆری بوونی ئەوی خستە ملی گەلانی عیراق. بە ڕای ئەو سەددام دیکتاتۆر نەبوو، بەڵکو خەڵک و ئەوانەی لە دەوروبەری ئەودا بوون ئەویان کردە دیکتاتۆر. ئێمەش دەڵێین ئەگەر عەرەبی عیراق ئەویان کردبێتە دیکتاتۆر، گەلی کورد بۆ ئەو تاوانەی بخرێتە ئەستۆ؟. ئەمە جگە لەوەی کە هەڵوێستێکی ئاشکرای ئەلعامریە، هەڵەیەکی بکوژیشە بۆ مەجرای عەدالەت، بۆ دڵنیایی شکاتکاران بە داهاتوو دەرەنجامەکانی دادگا. ئەو هەڵوێستەی ئەو لەگەڵ سەرەتاییترین پێوەرەکانی عەدالەت یەک ناگرێتەوە. قازی کەسێکی ناهەش و گێل نیە تا بێ مەبەست هەڵەی ئاوا گەورە بکات، بۆیە لێدەرچوونی لەو هەڵەیە بێ نرخ کۆتایی نایەت. وێڕای ئەوەش ماوەدانی بێ سنووری بە تاوانباران دڵە ڕاوکێیەکی لە دڵی هەموو خەڵکدا دروست کردووە، بێ لایەنی قازی خستۆتە سەنگی مەحەک. پرسی ئاڵا چ پەیوەندی بەو دادگایەوە هەیە، بەڵام قازی زۆر بە دڵێکی فراوانەوە ماوەی سەددام دەدا وەسیەتەکانی بۆ عەدالەتی

عەبدوڵڵا ئعدلعامری بخاتە ڕوو، بۆیە عەبدووڵا ئەلعامری بەسەر دەستووری تازەی عیراقیشدا پاز دەدات و دەڵێ: کەس ناتوانێ تێرمی الله اکبر لەسەر ئاڵاکە لا ببات. ئەم قسەیە بۆ چاوی ڕەشی سەددام نەبێ قازی چ کاری بەو پرسەی سەر شەقامی سیاسی عیراقی دایە!! چونکە ماددەی 12 لە دەستووری عیراقی ئەو پرسەی چارەسەر کردووە و بۆ قازی نیە باس لەو پرسە بکات، هەروەکو ماوەی شکاتکاران نادا باس لە کوژران و بێ سەروشوێن بوونی کەسوکارێکی خۆی بکات بەر لە شاڵاوی ئەنفال کە هەر هیچ نەبێ بەشێکی گرنگە لە ئێشوئازای ئەو مرۆڤە.

2- تاوانباران بە ئاشکرا هەڕەشە لە داواکاری گشتی و لە پارێزەرانی شکاتکارانیش دەکەن، بێ ئەوەی قازی لە سنووری خۆیان ڕایانبگرێ و ئیجرائاتی یاسایی لە دژی ئەوانە وەربگرێ. سەددام بێشەرمانە کەڵبە ڕەشەکانی گڕ دەکاتەوە و دەڵێ (سەرتان پاندەکەینەوە ئەی خائینان). هەروەها قازی هیچ پێداویستیەکی نەگرتە بەر کە سەددام هەڕەشەی لە داواکاری گشتی کرد و پێی گووت: دەستمان (پێت دەگات، لە دەرەوەی دادگا بێ یان لە ژوورەوە). هەروەها هەڕەشەی پارێزەرانی تاوانباران لە دژی داواکاری گشتی و لە دژی شکاتکارانیش. ئەمانە هەمووی پێویستی دەکرد کە عەبدوڵڵا ئەلعامری ڕێوشوێنی پێویست بگرێتە بەر بۆ بە ئامانج گەیاندنی عەدالەت. بەڵام هیچێک لەو شتانەی نەکرد، بە ڕای من ئەگەر شتێکیشی کردبێ هەر ڕواڵەت بووە و گاریگەرییێکی ئەوتۆی لەسەر مەجرای دادگادا نەبووە.

3- ڕەفتاری قازی هەر لەیەم ڕۆژەوە جێگای گومان بوو. ئاخر بەکارهێنانی وشەی کاکە لە لایەن قازیەوە بۆ شکاتکاران زۆر جێگای پرسیار و نیشانەی سەرسوڕمان بوو، چونکە وشەیەکی زۆر نایاسابیە لە دادگا بەکاربێ. عەرەبەکان ئەو وشەیە لە دوڕیانێکی خۆ بە شارستانی زانین و کوردیش بە لادێیی زانین بەکار دێنن. یا خۆ بە ڕۆشنبیر زانین و کوردیش بە گێل زانین. ئەمەا حاڵەتەش تەنها ئەو کەسانە هەستی پێدەکەن کە لەگەڵ عەرەبەکان ژیابن. من لە خۆمەوە ئەو قسەیە ناکەم، بۆ زیاتر لە پێنج ساڵ بە ناچاری لە پارێزگای ڕومادی ژیاوم ۆ قۆناغی ناوەندیم لەوێ خوێندووە، دەیان جاریش لەسەر وشەی کاکە لەچەڵ نەک تەنها قوتابیەکانیان بەڵکو لەگە مامۆستاکانیش بە کێشە دەهاتم، چونکە هەموو کوردەکانی ئەو دەڤەرە دەیانزانی بۆ ناشیرین کردن پێمانە دەڵێن کاکە. هەروەکو بۆ ناشیرین کردن بە میسریەکانیشیان دەگووت (یا معلم). هەروەها ئەلعامری بە شێوەیەکی بەردەوام وشەی نایاسایی دووبارە دەکردنەوە وەکو (هەمووەمان براین و مسوڵمانین). وێڕای ئەوەش زۆر کۆلەوار بوو لە دەربڕینی ناوی کوردی، وەکو ئەوە وابوو کە تازە لە مەریخ گەڕابێتەوە. ئەم کارەش بێگومان گاریگەری لەسەر مەجرای

عەدالەت و ئیفادەکان دەبێ. هەروەها زۆربەی جاران کە قسەکانی وەرگێڕی دووبارە دەکردنەوە، قسەکانی لە ناوەڕۆکی خۆی خاڵی دەکردنەوە. شتی بەسوودی تۆمار نەدەکرد. دارشتنەکەش بە شێوەیەک بوو کە هەرگیز لەگەڵ پایە و زەخامەتی ڕووداوەکان نەدەگوونجا، تەنانەت ڕازی نەبوو کە شکاتکاران وشەی دوژمن بەکا بێنن. جا ئەگەر ئەنفالچی دوژمن نەبن دەبێ کێ دوژمن بێ!؟. ئەم حاڵەتانەش هەمووی بەڵگەن بۆ ئەوەی کە ئەو پیاوە لە دوو حاڵەت بەدەرنیە. یا ئەوەتا بێ لایەن نەبوو، بە تەواوەتی لە ژێر کاریگەری هرزو بیری شۆفینیزمی پان عەرەبیزمی بەعسیدا بوو. یان ئەوەتا عەرەبێک هەرگیز ناتوانێ شوێنی کوردێک بگرێتەوە و هەست بە گەورەیی ئەو کارەساتە بکات.

4- بە شێوەیەکی گشتی گلەیی لە پارەێزەران و لە هەڵسوڕێنەرانی پرسی ئانفالیش دەکرێ، چونکە بەداخەوە پێناچێ دەزگایەکی لێهاتوو ئامادەباشی بۆ ئەو کێشەیە کردبێ. شتەکان زۆر بە هەڕەمەکی دێنە پێش چاوو. شکاتکاران ئامادە نەکراون، وەکو ئەوە وایە کە پێشتر قسەیان لەگەڵدا نەکرابێ. یەکەم شاهید نەیدەزانی شکات لە کێ بکات، نەیدازانی ناوی تاوانباران بێنێ. دەیگووت: شکات لە سەبەبکار دەکەم. چەند جار لێی دووبارە کرایەوە تا ناوی تاوانبارانی هێنا. هەندێ جاریش پارێزەران هەندێ پرسیار ئاراستەی شکاتکاران دەکەن کە لە خزمەتی ئەواندا نیە، یا خزمەت بە کێشەکە ناکات. ئەوە وێڕای ئابڕووچوونی هەندێک لەو وەرگێڕانەی کە خۆیان لەو کێشە گەورە کردووە بە خاوەن و عەرەبیەکەشیان نەک هەر دووکەڵ دەکات، گەورەترین زەڕ بە ماجەڕای ڕووداوەکان دەگەیەنێ. هەندێ جار لە هەندێ حاڵەتی وەرگێڕاندا لە تاو هەڵەکانیان هاوارم لێهەڵساوە. ئەی هاوار خەڵکی شارەزا لە وەرگێڕان لە کوێن؟ کێ بەرپرسە لەو پرۆسەیە، کێ هەیە نەزانێ کە ئەو وەرگێڕانە زۆر سەقەت و نالەبارە و بەدەستی خۆمانماڵی خۆمان وێران دەکەینەوە. تکا دەکەم لەوانەی کە دەستیان بە چارەسەرکردنی وەرگێڕەکان ڕادەگا چیتر نەهێڵن ئەو ئابڕووچوونە بەردەوام بێ و چارەسەری وەرگێڕی لێهاتوو پرۆفیشیۆنال بکەن.

- **ڕەخنە و سەرنجەکانی شەقامی ڕەوەندی کوردی چۆن دەبینن؟ ئەتوانن چی بگۆڕن لە ڕەهەندی دادگایەکە؟** پێم وایە تا ڕادەیەکی زۆر پرسەکە لە دەست ڕەوەندی کوردی دەرچووە. ناتوانێ زۆر شت بکات. ئاخر وەکو لە پێشەوە باسم کرد، ئیرادەیەک هەیە دەیەوێ کێشەکە لەوە زیاتر گەورە نەکرێ. بەڵام پرسەکە ئەوەندە گەورەیە ئەستەمە هیچ ئیرادەیەک بتوانێ بەری نزای ئەو شکاتکارانە بگرێ. پێم وایە دادگایەکە تازە دەقی

خواردووه بەو شێوە سیستمەی کە تا ئێستا پیادە کراوە، دەڕوا. ئینجا لە هەموو شتێک ناخۆش تر ڕەوتی دادگایە کە زیاتر لە دادگایەکی تاوانە ئاساییەکان دەچێ. دیار نیە ئەخلاق و کولتوری بەعس قسەی لەسەر بکرێ. تاوانباران وەکو تاکە کەس تەماشا دەکرێن، نەک وەکو پێکهاتەیەکی ماددی و مەعنەوی کە ویستوویانە پاکتاوی ڕەگەزی نەتەوەیەک بکەن. بۆیە ئەوانەی کە لە کوردستانن و لە پشتەوەی پەردە کێشەکە دەجولێنن دەبێ ئاگادار بکرێنەوە، هەڵە تەکنیکیەکان چارەسەر بکەن. شاهیدحاڵەکان زیاتر ئامادە بکەن بەر لەوەی بجنە پێش دادوەر. دەکرێت بۆ هەر پێویستیەکی کتوپڕ کە بێتە پێشەوە لە سوود لە سەنتەری هەڵەبجە (چاک) وەربگیرێ و خەمخۆران تێبینیەکانیان ئاڕاستەی ئەوێ بکەن بۆ ئەوەی ئەوانیش بە شوێنی پێویستی بگەیەنن، وێڕای بەخشینی یارمەتی ماددی بۆ ئەو سەنتەرە. هەڵبەت لادانی عەبدوڵلا ئەلعامری زەرورەتێک بوو بە ڕێگرتن لە خۆ بە پاڵەوان زانینی تاوانباران و خستنە ڕووی ماسوولکە ڕزیوەکانیان، بەڵام دەشبێ ئەوە بزانین لادانی پیاوێکێ ئاوا بە بڕیارێکی دەسەڵاتی سیاسی لە میسداقیەتی دادگایەکە کەمدەکاتەوە. بۆیە هەر زوو لە لایەن ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی سەرکۆنە کرا، لێرەدا کاری سەنتەری هەڵەبجە و هەموو خەڵکی هەندەرانە کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان ئاگادار بکەنەوە لە مەترسی مانەوەی ئەلعامری. دەکرێ هەموو ڕێوشوێنێکی پێویست بگیرێتە بەر بۆ زیندووڕاگرتنی پرسەکە. لە لاییێکی تریش ئەگەر پسپۆران و چاودێران و خەمخۆرانی کوردستان گەیشتنە قەناعەت کە ئەو دادگایە ئامانجەکانی خۆی ناپێکی پێویستە کار بۆ گواستنەوەی دادگاکە بکرێ بۆ دادگای لاهای نێودەوڵەتی. چونکە بە لای منەوە گرنگ نیە سەددام لە سێدارە بدرێ هێندەی گرنگە کە تاوانەکە وەکو جینۆساید بناسرێ. کە وای لێهات با سەددام هەر لە گرتووخانەدا بڕزێتەوە، چونکە ڕژێم و سیستم و پانعەرەبیزمیش ئەو کاتە دەکەونە بەر نەفرەتی وەچە یەک لە دوا یەکەکانی مرۆڤایەتی.

- **بۆچی چۆنیەتی بڕیاردانی ئەنفال وەک کردەی جینۆساید بۆ کورد گرنگە ؟** ئەوەی ئاشکرایە تا هەنوکەش ئیسرائیل سوود لە کارەساتەکانی خۆی وەردەگرێ. پێم وایە گەورەیی کارەساتێکی ئاوا لە ژمارەی قوربانیەکاندا نیە بەڵکو لە جۆر و شێوەی کارەساتەکە دایە، ئەمەش بە تەواوی لە یاساکانی جینۆسایدکردن دیارە. کورد تا هەنوکەش خاوەنی هیچی خۆی نیە، بێجگە لەو پارچە خاکەی باشووری وڵات کە ئەمڕۆ حکومەتێکی هەرێمی تێدا دامەزراوە. دەبوایە دەسەڵاتی کوردی لە ئاست ئەو پرسە زۆر سوور بوایە، دەبوایە ئیش لەسەر ئەوە بکرێ کە بەتەنها ڕژێمێک تاوانبار نیە، بەڵکو هەموو ئەو سیاسیانەی ئەمڕۆ بەشدارن لەو ئێشوئازارەی کە

بەسەر خەڵکی کورددا هاتووە. ئەڵمانیا لە هەموو ئاستەکانیەوە تا هەنوکەش هەست بە ئیحراج و شەرمەزاری دەکات لە ئاست ئیسرائیل. دەسەڵاتی سیاسی عیراق تا هەنوکەش خۆی لە داوای لێبووردن بواردووە. تا هەنوکەش کێشەکە وەکو پێویست کاری لەسەر ناکرێ. هەڵبەت کە ئەو دادگایە دانی بەو کێشەیە دانا وەکو جینۆساید، ئەوا دەچێتە زاکیرەی مرۆڤایەتیەوە و دەکرێتە گەورەترین بەڵگە کە گەلی کورد چی بەسەرهاتووە، هەروەها دەچێتە زاکیرەی وەچەکانی عەرەبیشەوە کە ڕژێمێکی سەر بەوان تاوانێکی ئاوای ئەنجامداوە و گرێی هەستکردن بە گووناە ڕاوەدوویان دەنێ بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەو تاوانە نە بەرامبەر کورد و نە هیچ نەتەوەیەکی تریش ئەنجام بدەن، ئەگەر کێشەکەش زوو چارەسەر نەکرێ زۆر ئاساییە کە ڕووبەڕووی هەمان چارەنوس ببینەوە.. ئاخر زۆر جار گووتوومە کە کارەساتی ئەنفال هێندە گەورەیە هێشتا خەڵکی کوردستان بەخۆی نازانێ کە کەڕامەتی تا ئەو چرکە ساتەش هەر لە عەرعەر و قەبرە بە کۆمەڵەکان زیندە بەچاڵ کراوە. تا هەنوکەش ئەنجامدەرانی دەیانەوێ کێشەکە دیزە بە دەرخونە بکەن و کورد وەکو خائین و خۆفرۆش لە قەڵەم بدەن. پێویستە تێبگەیەنرێن کە ئەوەی ئەوان ئەنجامیان داوە ئەگەر دژی ئاژەڵیش بێ دوورە لە هەموو بنەمایەکی ئەخلاقی و دینی و ئینسانی.